# تۆ لەحزەیەکی درامیت



**ئەدیب نادر**

*ڕەهەند

پێ دەخاتە سەر ئاستانەکانی هاتوو

رابردوویەکە جوانکیلە

بەڕۆخی نەبینراوی بوون

تلۆر دەبێتەوە خوارێ

*گەوهەر

دەگاتە سیحری شوێنەکان

هەتاوەکانی ئەندێشەی دادەگیرسێن

بۆ گەمارۆی تاریکاریی

پێکانی گەوهەرە دەسازۆکان دەگەیەنێ

شوێنێکە لە ئەندێشە

بەچاوەکانی دەیگریٚو
لقی سەوزی پەنجە بیٚ ئیقاعەکانی
لە نێو بادا دەمێننەوە

**ئومێد***
لەپەکان..
ریٚژنەی چاوە برینگەکان
ژاوەبوونی ئەنگوستی هەور
دەروازە داخراوەکان
لێوەکان..
وێلگای پەیڤە سەراسیمەو نەگەیشتووەکان
چەقی ئەندێشەی ئەودیووی دنیای هەتەر
بەرماڵی شینی ئاوەکان
هاتنە دنیای
دلۆپەی مردووی ئومێدە دواکەوتووەکان



**رۆژگار***
دەچێتە دەرەوەی رەهەند
چەمێك لێوەی سەردەکاتو..
لەئەبەدییەتدا وندەبێت
دەچێتە دەرەوەی زەمەن
بایەك هەڵکات،
لەگەڵ خۆیدا دەیتەکێنیٚ
بایەك هەڵکات،
دەستبەرداری لقوپۆپو بێشوومارییی گەڵا دەبێت..

**پەپوولە***
رۆژێکی بێگەرد وەك سەراب
لاپەڕە زەبەندەکانی چاوەدوویی
ئاگردانی رەتکردنەوە
دزە نیگا ریسوای بینینەکان دەبێت
هێند بێوەری بەبێهاوتایی بەژنەکاندا هەڵدەزنیٚ
ئەشك دەبێتە جۆلانەی چاوە ئاوێنەییەکان

سەر لە نێو لاژوەردەکانی بەدمەستیدا وندەبێت
گیانیش دەبێ بەمەلێکی گەندەموویی‌و
دیسانەوە.. لەنێو ڕووناکیەکاندا مەلە دەکات..

***هەوسار**

بەرد چاوەکان لێخن دەکات
خوێن دەبێتە شەقامێکی خۆڵەمێشی
گەردنی شار
ئاوریشمی هەناسە لە خۆی دەئالێنێ
زەمین ڕاکردنەکان‌و
ئەشکەوت بالأی ژێر سێبەرە بێ جیلوەکان
خەونەکانیش،..
درەختە بێ هاوسارەکان
دەیگێڕنەوە

***گەلأکانی تەم**

ئۆخژنی چلۆپۆپەی سەهەندەکان
گەلأ وردیلەکانی شەوو زەمەنی شێتی پەنجەرە
سەرمای دەستەمۆکەری گوناهە ڕەجاڵەکان‌و
بێگەردییەکی شێدار لەگیانتدا بالأ دەگرن
دەڕوانیتە شەوو دامێنی شەقامە بێکۆتاییە پڕ چراکان
بانێژەکەت لە ئامێزی زەمەن دوور دەکەوێتەوە
پەلوپۆی ئاوینی سەفەر
لەسەر لەپی کەفاوی خۆی داتدەنێت‌و
وەکو تەمێکی ڕەنگاویی
لە چڕوپۆی گەلأکاندا ئاوادەبی..

***قەوزە**

لەبەندەرە ئاویەکاندا
لەپە پڕ لە وشەکانی
ئاسۆ نزیك دەخەنەوە
شەقامەکان،..
دەخاتە نێو تەم‌و دومانی ناسکی بیرچوونەوە

چاوەڕوانیی
قەوزەی خەستی ساتەکانەو
کەڤی بلووری شەپۆلێك مەستی دەکات

*ساتە ئەبەدیەکان
تroوسکەی شەو
چاوە سەراسیمەکان بەشەوارەی سۆڵیی دەخات
بەئەبڵەقی پێڵووەکان گرێ لە تیشکەکان دەدەن
هێدم هەوساری تاریکی لەدەست دەنێ و
دەتخاتە سەر زینی چرا بەفرینەکان
بێحەدو سنوور خاترجەم،
بەرەو خەونە وردیلەکان هەنگاو دەنێی
دونیایش بەرەو بێکۆتایی
بەردەوامیی لەبەرۆکی کۆچە هەردەمیەکەی دەدات

*سەداکان
گشت سەداکان پێیان وتیت،
بەرەو تخووبە دوورەکان
بەرەو دونیای خۆڵەمێشی سێبەرەکان
سواری زینی تۆزو گەردی رێگا مەبە
نادیاریەکان بەدوای خۆتدا جێ مەهێڵە
نەبادە بەیەك نەگەن و
لەدوڕیانە لێڵەکاندا تێك نەئاڵێن
هەنگاوە هەڵوەریووەکان
لە نێو رووتیی بیابانی ئایندەدا بزر نەبن
رێوانەکان تەریك نەبن
کێڵە نەوییەکانی دیار
ببنە شوورەی مێخەکیی
ئاپۆرە بێ مەرامەکانی بۆشایی..

*وەخت
نەیزەکێکی بێئەندازەو سەرەڕۆیە
هەسارەی رۆح هەپروون بەهەپروون

وەك مانگ بەڕەبەنیو تەنیا
دەیکات بەداوەڵی ئێشکە ئەبەدیەکان
دەبێ ببێتە سێبەری یادەوەری
لە نێو لەبیرچوونەوەدا
خۆڵەمێشی سەر ئەستێرەکانی گیانی
لەسەر بەژنی برژانگەکانیا لەبیر کات

**سپاردن***

پوورەی وررووژاوی سەری
دەخاتە نێو ساتە پڕ ئارامەکانی ئایندەوە
دەبێ لە سارادا لم بێت
لە ڕێگاکانیشدا دوڕیان،
لە دارستاندا باو ئاگر
لە پشووە بێسرەوتەکانیشدا خورپە
لە بنارەکاندا هەڵدێر
لە کەلاوەکانی هاتوویش
باڵی هەبێ
شەپۆلە کانزاییەکان بیسڕنەوە !